# مەرگ و نەمریی ڕۆح
## ( دژیەک و هاوتەبایی لە فەلسەفەی شیعریی گۆراندا )

م. مەهدی فاتیح عومەر
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردە – چەمچەماڵ

### پێشەکی

مرۆڤایەتی لە کێشەیەکی هەمیشەییدایە لە پێناوی سەقامگیرکردنی بیرو وشیاریدا، بۆیە گۆران هەمیشە لە بۆتەی نیگەرانی وپەرۆشیدا دەژیا لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان، هەردەم لەگەڵ نهێنییەکاندا یەکانگیر دەبووەوەو تەکتیک ونەخشەی ڕامان و هزری ڕۆژانەی، لەمیانەی شیعرەکانییەوە بە واقعێکی ئامێتەکراو بە توڕەیی و ژانەوە پیادە دەکرد. هەرشاعیرێکیش خۆی لە ڕەهەندەکانی ژیان بە(بوون ومردن)ەوە بەرکەناربگرێت. کەواتە هیچ پەیامێکی بە بایەخی نییە بەخوێنەری بگەیەنێ.چونکە شاعیران لە چ سەردەم وکاتێکدا بن لەڕووی بەرهەمەوە لە یەکدی جیاوازن . هەر ئەو جیاوازییەشە کە دوو ڕەهەندی فیکریی (پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ)دەستنیشان دەکات.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە شیعری لیریکدا،شاعیر لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە نامۆ بوونێکی زۆر دەکات، ئەوەش وا دەکات کە تا ڕادەی هەستکردن بە نەهلستی و ڕۆداچوونی دەروونی،شاعیر لە چوارچێوەی بازنەیەکی داخراودا بمێنێتەوە،چونکە ئەرکی شاعیر لە پانتایی ویژداندا پشکنینە لە ماکەکانی ژیان و گریمانەی بوونی مرۆڤ لە گوزەراندنی تاڵی و شیرینی ژیاندا، کە ئەوەش حەتمییەتی ژیانە کە بە مردن کۆتایی پێ دێت،لەڕوانگەی فەلسەفەی بیرکردنەوەو بەرجەستە کردنی بیری مردن،گۆران یەکێک بوو لەو شاعیرانەی،کە بە بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژییانەوە دەیڕوانییە مردن،ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەوبابەتە .

### گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

تێڕوانینی گۆران سەبارەت بە مردن،بەپێی هەڵوێست و ڕووداوەکان دەگۆڕێت،ئەوەش لەمیانەی ئەو چەمکانەی کە لە بابەتەکانی شیعری نوێ و فەلسەفەی ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە مرۆڤایەتییەکاندا بەرجەستە دەبن.

لەبەر گرنگیی ئەو بابەتە،کە تیشک دەخاتە سەر لایەنێک لە لایەنەکانی فەلسەفەی هەبوون و لەناوچوون،کە وەکو شاعیرێکی ڕۆمانتیکی،گوزارشت لە دیدی گۆران دەکات ئێمەش هەوڵدەدەین ئەو بیرەی گۆران لەدوتوێی بابەتێکی ئەکادیمیدا بخەینەڕوو .

### گرفتی نووسینەوەی لێکۆڵینەوەکە:

بەپێی ئاگاداریی ئێمە،هەتا ئێستا بابەتی ژیان و مردن،بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە نەنووسراوە،بۆیە کەمیی سەرچاوە،یان هەر نەبوونی،گرفتی نووسینەوەی ئەم بابەتەیە .

### پێکهاتەوسنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەجگە لەپێشەکی لە دەروازەیەک و دوو بەش و ئەنجام پێکدێت،بەشی یەکەم بەناونیشانی(گۆران:مەرگ و ئەمریی ڕۆح یان نیگەرانی لەمەرگ ) ە،کەباس لەتێڕوانینی گۆران دەکات سەبارەت بەفەلسەفەی مردن و فەنابوون، بەشی دووەم باس لە(دوالیزمی ژیان ومردن لەفەلسەفەی شیعریی گۆراندا)دەکات،کەوەکوو نهێنییەک لەهۆنراوەکانیدا بەرجەستە بووە.لە کۆتاییدا ئەنجامەکانمان لەچەند خاڵێکدا خستۆتە ڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان وکورتەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

سنوری کارکردنمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەدەوری ئەو کۆمەڵە هۆنراوەیەدایە کە گۆرانی شاعیرلەدیوانەکەیدا لەژێرناوی(شیوەن و فرمێسک)دا دایناون،بەتایبەتی هەرسێ هۆنراوەی(لەسەرەمەرگی هیوادا،گوڵی کەمخایەن،شیوەنی گوڵاڵە)،وەزیاتر ئاگایی کارەکەمان لەسەر ئەو دوو دەقەی کەبۆ مردنی هەردوو جگەر گۆشەکەی(هیوا و گوڵاڵە)ی بنیاتناوە چڕکردۆتەوە.

### میتۆدی نووسینەوەی لێکۆڵینەوەکە:

لە نووسینەوەی لێکۆڵینەوەکە،ڕێبازی ( وەسفی – شیکاری ) پەیڕەوکراوە .

### دەروازەیەک:

ئەدەب ڕۆژ بە ڕۆژ بە پێی گۆرانی کۆمەڵ و لەگەڵ ئادەمیزاددا پەرەی سەندووەو بەرەوپێشەوە چووە، هەروەها کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان چۆن کاریان لە مرۆڤ کردووە،ئاواش جێ پەنجەو دەستی خۆیان لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان بە پێی سروشتی لەیەک جیاوازیان دیارە .

بە دەگمەن دووکەس لە هەموو شتێکدا لەیەک دەچن،یاخود وەکو یەک دەبن،بۆیە دەبێت شاکارە ئەدەبییەکانیش بابەت و مۆرک و جۆری تایبەتی و جیاوازی خۆیان هەبێت،بەڵای ئەرەستۆوە

ناوەرۆک و فۆرم و مەبەست،جۆروبابەتی بەرهەمی شیعری دیاری دەکەن،بۆیە بابەتی کۆمیدیا لە تراژیدیا جیا دەکاتەوەو هەردووکیشیان پێکەوە لە قارەماننامە جیادەکاتەوە،وەکو ئاشکرایە شیعر کێش و سەرواو مۆسیقا،جۆرە ڕیتمێکی هەیە کە لە بابەتەکانی تردا نییە .

شیعرنووسین پرۆسەیەکە پێویستیی بە بنیاتێک هەیە،کە ڕەگەزەکانی کۆبکاتەوە، پێکهاتەو بنیاتی شیعر لەڕوانگەی کۆمەڵە دەنگ و بۆچوونێکەوە،وا دەخوازێت کە بواری کارەکەی لەڕووی چۆنیتیی گێڕانەوەوە فراوانتر ببێتەوە،گوتاری شیعریش لە هەر کارێکی نەدەبیدا،بە چەند پلەو ڕێگایەکی جیاجیا تێدەپەڕێت و توانایەکی جەوهەریشی پێ دەبەخشێت .

کاتێک کە ڕەخنەگر لە پەیوەندیی نێوان شیعرو شێوازی دەق نەکۆڵێتەوە،هەروەها چۆنیتیی گێڕانەوە لە هۆنراوەو شێوەکانی بنیاتە هونەرییەکەی وەردەگرێت،لەو حاڵەتەشدا پێویستیی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە سەبارەت بە خولیای شیعریی شاعیر،پاشان بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کات و شوێن دەستنیشان دەکات .

گۆران لە شیعرەکانیدا زیاتر پشت بە وەسفی زیندوو دەبەستێت و مانای مرۆڤایەتی و بیری وشیارانە تێکەڵ بە شیعری نوێ دەکات،هەروا شێوازی شیعرەکەشی لیریکییەو بابەتێک دەکات بە پەیامی خودو لەمیانەی لۆژیک و نەقڵەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکات .

لەو ڕوانگەیەوە گۆران هەوڵی داوە لە باسکردنی مەسەلەی مەرگ و ژیاندا دیالێکتیکی نەقڵی وبیری مەنتیقییانە بکات بە پێوەری بیرکردنەوەو پەیامەکەی بگەیەنێت،بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر بابەتی نیگەرانی لە مەرگ وهاوتەبا کردنی لەگەڵ ژیاندا، کە کۆتاییەکەی فەنابوون و نەو نهێنییەیە نەزەلییەیە کە کەس درکی پێناکات .

## بەشی یەکەم

### گۆران:مەرگ و نەمریی ڕۆح یان نیگەرانی لەمەرگ:

مرۆڤ هەر لە سەرەتاکانی بوونیەوە بەرامبەر بە هەردوو دیاردەی بوون و نەبوون بەواتایەکی تر یان ژیان و مردن،وەبەتایبەتی تر بەرامبەر بە دیاردەی مردن ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تێڕامان و پرسیار بۆتەوە،پرسیار سەبارەت بەچەمکێک یان ڕووداوێک کە پێی نامۆیە و ڕێگایەکی مەترسیدارە،چونکە چارەنووسی نادیارەو لێکدانەوەشی ئاسان نییە،بەڵام دواجار مردن ئەو هێزەیە کەکۆتایی بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەک دەهێنێت و هەموو شتێ دەبڕێنێتەوە،لەکۆنەوە خەیامی شاعیر لەبارەی مردنەوە دەڵێت:

مردن چیە؟ کەس تێ نەگەیی تا وێستا
تەورات و زەبوور، تادەگەیە ناوێستا

زۆر كەس لەژیان دواوە زانایانە
بۆ باسی مەرگ گێل و نەزان ڕاوێستا(١)

كاتێ مرۆڤ بێ دەسەڵاتانە بەرامبەر بەدیاردەی مردن وەستا،لەناخەوە ترسێكی قوڵی لەلا پەیدابووەو هەوڵی خۆڕزگاركردنی داوە لەم چارەنووسە((بۆگەیشتن بەم مەبەستەش گەڕان بەدوای نەمریدا هاتەكایەوەو لەبارەی ئەم گەڕانانەوە بەدەیان ئەفسانەی جۆراوجۆرمان كەوتۆتە بەرگوێ،بەڵام وەكو دوا ئەنجام كەس نەیتوانیوە نەمری بەدەست بهێنێت لەبەرئەوە خەیاڵی نەمری بەدەستهێنان هەر لەچوارچێوەی ئەفسانەدا مایەوەو بەناچاری مرۆڤ دانی بەدیاردەی مردن دانا وەكو تاكە چارەنووسێك كە كەس لە گێژاوەكەیدا ڕزگاربوونی بۆ نییە))(٢).

لەتێڕوانینی گۆرانەوەبۆ مردن،بە تایبەتی مردنی(هیوا) و(گوڵاڵە)ی جگەرگۆشەكانی،جۆرێك لە جاویدانیی یەكێك لەم دوو جۆرەی حاڵەتی مەرگەسات بەرجەستە دەبێت : حاڵەتی یەكەم:ژیانێكە پڕ لەكێشەی بەردەوامی وهەڵكردن لە گەڵ مەرگەساتەكانی(بوون)دا. حاڵەتی دووەم:دەربازبوون وهەڵاتن لەو مەرگەساتانەی، كە حەتمییەتی بوون دروستی دەكات،كەمردنەو بە بۆچوونی ڕۆمانتیكییەكان،مردن جۆرێكە لە نەمریی ڕۆح .

پێكەوە گرێدانی نامۆبوون و مردن حەتمییەتێكی مێژووییە،چونكە((مردن بەشێكە لە گۆشەگیری،كەواتە مرۆڤ كە دەمرێت تووشی ئەو گۆشەگیرییە ڕەهاییە دەبێت))(٣)،كەچی ڕووی دووەمی مردن بە سیما مرۆڤایەتییەكانەوە گرێدراوە،بەو مانایەی كە مرۆڤ هەمیشە خوو بە ژیانەوە دەگرێت ،چونكە ئەگەر((ژیان وەكو ڕووداوێكی ئاسایی پراكتیك بكرایە، ئەو كاتە جۆری ترس لە مردن بەو شێوەیە نەدەبوو كە سەرجەم مرۆڤایەتی لێی دەترسێت، بەڵكو ترس دەبوو لە لە دەست دانی شتەكان،وەكو:لەش،زات،ناسنامە،ترس لە كەوتنە ناو بێناسنامەیی...واتا ترس لەوەی كە كەسێك بە مردن بزر دەبێت )) (٤) .

لەڕوانگەی فەلسەفەوە،ژیان و مردن دوو ڕووی تەواوكەری یەك ڕووداوێكن،ناشكرێت مرۆڤ نكوڵی لە هەستكردن بە هەردووكیان بكات،ئەوە سەبارەت بە كەسی ئاسایی،بەڵام شاعیر زیاتر هەست بە هاوكێشەی بوون و نەمانی ئەو ڕووداوانە دەكات،لەومیانەشەوە توانای دیدێكی تایبەتی بۆبینینی شتەكان هەیە،كەچەند بتوانێت دیدێكی فراوانتر بۆدروستبوون و نەمانی ناسنامەی زاتیی خۆی فەراهەم دەكات.

سەرچاوەی درككردن بە ژیان و مردن،هەڵوێستێكە ڕاستەوخۆ بە میزاجی شاعیرو ئاستی وروژان و وشیاری و ستراكچەری ڕۆشنبیرییەوە گرێدراوە،لەوەشدا پێكهاتەیەكی نامێتەیی سەبارەت بە هەڵوێستێكی زاتی دروست دەبێت،هەر ئەوەشە كە هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر بە ژیان و مردن دەستنیشان دەكات.مردن لەلای ڕۆمانتیكییەكان،كێشەیەكە كە سەرجەم شاعیرانی ڕۆمانتیك لە فەلسەفەی شیعرەكانیاندا وەكو نەمرییەكی ڕۆح ئاماژەیان بۆ كردووە،((شلنگ زووتر لە

نـەمریکردنی مـردن نزیـک بووەوە،چـونکە پێـی وابـوو مـەرگی لـەناکاوی کـارۆلینی خۆشەویستی،بەرەوجیهانی نەمریی دەبات ))(٥).

هەستکردن بە هیچ نەبوونی ژیان و کێشەکانی،لە گۆشەنیگای ڕووداوەکـانی ژیـان خۆیـەوە نەهاتووە،بەڵکو لەو هەستەوە هاتووە کە مردن کۆنترۆڵی سەرجەم ساڵانی تەمەن و ڕووداوەکانی ژیانی کەسەکان دەکات،چونکە وەکوهایدگەر گوتوویەتی:((هەبوون،ناراستەکان بەرەو کۆتایی دەبەن))(٦).ئەو ناراستانەشە کە نازناوی ژیـانی لێنراوە،ئەوانە چەند هێڵێکـی وەهمی و ئەوای ڕەواندنەوەی تاریکی کەم خایەنن ((تـرس و نیگـەرانی لـە مردن،ورووژانێکـی نێگەتیڤییـە لـەلای مرۆڤ،چـونکە مـرۆڤ زۆرجـار لـە شـتی نادیـارو شـاراوەو چـاوەڕوانکراو دەترسێت،مردنیش یەکێکە لەو ڕووداوە نهێنییانەی کە چاوەڕوان ناکرێت چارەنووسی مـرۆڤ دەستنیشان بکات،بۆیە ترس و نیگەرانی لەلای شاعیران دروست دەکات))(٧).

کێشەی سەرەکی لە نیگەرانی و ترسی مردن،لەوەدایە کە مردن ڕووداوێکی پارادۆکسییە، بەو مانایەی کـەلەیـەک کـاتـدا هێزێکـی تێکشـکێنی و داهێـنـانێکی جاویدانییـە،مرۆڤیش هەمیشە سەبارەت بەمردن نیگەرانەو لێی دەترسێ،ئەو ترس و نیگەرانییەش بووە بەمیکانیزمی پیـادەکـردنی ڕاسـتـەوخۆ و ناڕاسـتـەوخۆی ڕەفتارەکـانی مرۆڤ،بۆیە((ئـەقڵ،بیر،ڕامان)) زۆربـەی دیاردەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی سەقامگیر دەکەن،هەندێک لەڕەخنەگران بنـەما ئایینیـەکان وەکـو بنەمایـەکی بابـەتی دادەنێن،کـەناکرێت لـەجیهانی دەروپشـتی مـرۆڤ و هـەنگاوە شعورییەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی جیابکرێنەوە،بۆیە جەخت لەوەدەکرێتەوە کەململانێ کردن لەگەڵ مردندا ژێدەری سەرەکی نیگەرانی مرۆڤە.لەو ڕوانگەیەوە گۆران هەستی بەئازارەکانی هەردوو جگەرگۆشەکەی کردووە،کەلەساتەکانی سەرەمەرگدا لەگەڵ ڕووداوێکی حەتمی فەنابووندا لەبەرچاوی ون دەبن.

گۆران هەرچەندە لەڕووی بیرەوە،بڕوای بەنایدیای شتە نادیارەکان نەبوو،بەڵکو مەتریاڵیانە بیری لەمەسەلەی بوون و داهاتووی مرۆڤ دەکردەوە،بـەڵام لەهەنـدێ حاڵـەتی وەکـوو مردنـی جگـەر گۆشەکانی (( هیوا و گوڵاڵە))دا بیرێکـی ئایدیاڵییانـەی سـەبارەت بـەمردنی هـەردووکیان بەرجەستە کردووە:

حاڵەتی یەکەم:گیاندانی هیوایە:

گۆران مەگەر بەخەون هیواببینێتەوە،ئەوەش هێمای نهێنی ئەوملکەچ بوونەیە بە چارەنووسی مرۆڤ:

هەی هاوار،هەی داد هیوای شیرینم

گیان ئەدەی،ئەمریی،ئیتر ناتبینم !

ئیتر... ئـاخ ئیتر... ناتبیـنم هەرگـیز،

له خەوا نەبێ، شەو شەوی پاییز(٨)

حاڵەتی دووەم:مردنی گوڵاڵەیە:

لەو حاڵەتەشدا،،گۆران مردنی گوڵاڵەی بەکردارێکی سەروەری غەیبی((ئاسمان،زاتی خوا)) ناوبردووە،واتە بەبیری ئەو تەئانەت مرۆڤی ئاسایش ئاناگا،مردن لەیەک سەرچاوەی میتافیزیکییەوە ڕوودەدات:

له کردارت ئەگەر مەسئوول سەمایە،

تەبیعەت، هەرچی... حەتتا زاتی خوایە(٩)

## بەشی دووەم

### دوالیزمی ژیان و مردن له فەلسەفەی شیعریی گۆراندا :

گۆران یەکێک بوو لەو شاعیرە لیریکییانەی،کە لە بازنەی دوالیزمی مەرگ و ژیانەوە دەیڕوانییە نهێنییەکانی مەرگ و فاکتەرەکانی مردن و بەرپرسیارێتی ئەو ڕووداوە.لەو ڕوانگەیەوە لە(شیوەنی گوڵاڵە)دا دەڵێت:

ئەگەر،ئەی خاکی زاڵم،ئیختیارت

نییە،ئاچارییە تۆیش کــاروبارت،

له کردارت ئەگەر مەسئوول سەمایە،

تەبیعەت، هەرچی... حەتتا زاتی خوایە (١٠)

لە دەقێکی دیکەدا گۆران بێ متمانەیی سەبارەت بە دیدی ژیان دەستنیشان دەکات، ئامانجی ئەو بۆچوونەش وێناکردنی مەحاڵیی زیندەگانییە لەو هاوکێشە ئاتەباییەی کە (ژیان) و(مردن) دروستی دەکەن،بۆ نموونە لە دەقی(گوڵی کەمخایەن)دا گوتوویەتی:

وەهام ئەزانی کە ئەی گوڵ،نیگاهی شەوقی زەمان

لە سەیری شێوەیی شۆخت هەمیشە تێر نابێ،

وەهام ئەزانی کە هەرگیز کزەی گەڵاڕێزان،

بە ئاسکیی پەلوپۆی تۆ ((مەحاڵ)) فێر نابێ !

******

کەچی چ زوو،چ کتوپڕ لە پەنجەیی وەرەما

لەشی شل و پەمەییت، ئەی گوڵی جوان،ژاکا!

ڕ زوو توایەوە حوسنت لە قرچەقرچی غەما،

دوو پێشە ما... ئەویش ئەڕنێ لە سینەیی خاکا!(١١)

هەڵکشانی ساڵانی ژیان لەلای شاعیر،ئەیاریی فەلسەفەی بوون دەکات،چونکە لە کۆتاییدا مردنێک هەیە،کە هیوا وئومێدەکان پوچەڵ دەکاتەوە،ئەویش لە میانەی زاراوەکانی( وەهام ئەزانی- شەوقی زەمان – گەڵاڕێزان – مەحاڵە فێر نابێ – گوڵی جوان ژاکا – توایەوە حوسنت – ئەویش ئەڕنێ ) .

باسکردنی بابەتی ژیان لە شیعرەکانی گۆراندا،پێویستی بەوە دەکات،کە باس لە فەلسەفەی مردنیش بکرێت،چونکە ئاوێتەیی ویژدانیی تایبەت لە هاوکێشەی ژیان و مردندا ژیان بە تێڕوانینێکی ڕەشبینانە وەسف دەکات،چونکە مردن شیرازەی کۆمەڵێک لێک دادەپچڕێنێت و پەرۆشیی کەسەکان بۆ یەکتری لە بەین دەبات،واتا کارەساتێکی گەورە دەخولقێنێت،کەچی بەپێی بۆچوونی هەندێک لە فەیلەسوفان،مردن بووژاندنەوەیەکی نوێی جیهانی سێیەمە،کە لە پاش بوونی مرۆڤ و مردن و دیارنەبوونی چارەنووسێکی ترەوە دروست دەبێت .

## هەڵوێستی گۆران سەبارەت بە مردن،هەڵوێستێکی دوو لایەنی دژبەیەکە:

یەکەمیان:ئامێتەبوونی سۆزو خۆشەویستییە بۆ ئەو کەسەی کە لە دایک دەبێت .

دووەمیان: لە هەمان کاتدا کاتێک کەسەکە دەمرێت گریانێکی زۆری لێدەکەوێتەوە.

وەکو ئەوەی خۆشیی لە دایکبوون و گریانی مردن،لە چوارچێوەی بازنەی یەکبوونەوە دروست دەبن،وەکو ئەوەی کە زووتر مەحوی لە گوتارێکی فەلسەفییانەدا،کە دوالیزمی هاتنەکایەوەی ژیان و دەرەنجامی چاوەڕوانکراوی ئەو لەدایکبوونەی بەرجەستە کردووەو

گوتوویەتی:

نەوی ئەمرۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق

لە دەوری نەعشییا سبحەی دەبینی وەلوەلەی مەخلووق (١٢)

لەو ڕووەوە گۆران وتوویەتی:

هیوا ! ئەو لێوەی بە زەردەخەنە،

گزنگی ڕۆژی گوڵانی منە ،

بۆ زەردەخەنەی ئێستا تێ نازێ ؟

بۆ لەژێر هەوری مەرگا ئەلەرزێ ؟

هەی هاوار،هەی داد هیوای شیرینم

گیان ئەدەی،ئەمریی،ئیتر ناتبینم!(١٣)

ئەو وێنە تابلۆییانەی کە گۆران لە شیعرەکانیدا دەیکێشێت ،وەسفێکە بۆ ((ڕزگارکەری دوا ڕزگارکەری کەسانێک لە نیگەرانییەوە بەرەو دڵنیایی و ئارامی))(١٤) .

گۆران زۆر جارئامێتەیەکی گونجاو لە نێوان لەفزەکاندا بە شێوازێکی ئیستاتیکی سیمیۆلۆجییانە لە نێوان دووسات یان دوو دیمەنی جیاوازدا دروست دەکات.ئەوەش شێوازێکی شیعریی تازەیە وەیدی شاعیرپێشان دەدات لە بنیاتنانی دنیایەکی واقعیدا.

بێگومان مەرگ کێشەیەکە،لەلایەکەوە ئایین پێمان دەڵێت ئێمە دەبێت بمرین،مردن ڕێگای هەموومانە،ئێمە بوویەکین لەچاوەڕوانی مەرگدا و ژیان جگە لەدیمەنی مردن هیچ ڕوانگەو دیمەنێکی تری نییە،لەلایەکی ترەوە مردنی مرۆڤەکانی تر،کۆچی لەپڕ و دنیا بەجێ هێشتنیان،دوێنێ لێرە بوون و ئێستا لێرە نەمانیان،زیاتر ترسمان لەدڵدا دەچەسپێنێت،بەڵام ئاخۆ ئەو مەرگە دەتوانێت سنوور بۆ بیرەوەریشمان دابنێت؟ئاخۆ مەرگ دەتوانێت لەگەڵ ڕاپێچکردنی ئەوانیتردا بۆ ناو زوڵمەتی قەبرەکان،ئاگایی ئێمەش لەبارەیانەوە بسڕێتەوە و ڕاپێچی ناو تاریکایی بکات؟بێگومان مردن کۆتاییەکە،خاڵی دابڕان و یەکتر جێهێشتنێکە،

جائەمە بەمانا ئایینیەکەی وەربگرین یاخود وەک ڕاستییەکی سووڕی ژیان خۆی.بەڵام هێشتا ڕاستییەکی تر هەیە کە پێماندەڵێت ئەو دابڕانەی مەرگ دروستی دەکات، بەپلەی یەکەم دابڕانێکی جەستەییە و جێهێشتنی یەکترە لەسەر ئاستی فیزیکی، بەمانایەکی تر، مەرگ کۆتاییە لەبەردەم جەستەدا نەک لەبەردەم تایبەتمەندیی بوونی ئێمەدا وەک کائینێک، کە بوونمان تەنیا لەسەر مانەوەی جەستە نەوەستاوە. بەڵکو بوونی ئێمە بوونێکیشە لەسەر ئاستی ئاگایی و بیرەوەریش.بوونێک کەجیاماندەکاتەوە لە بوونی گیانەوەرەکانی دیکە ((مەرگ سنورێکی ڕەها بۆ پەیکەری هاوڕێ و خۆشەویستەکانمان دادەنێ چیدی نایانبینین لەسەر دوو قاچ بەسەر شەقامەکاندا پیاسە بکەن،لە پەنجەرەکانمانەوە بە زەردەخەنەی سەر لێویانەوە خۆیان پیشانبدەن و لەناو دەرگای ماڵەکانماندا چیدی ناوەستن و لەتەلەفۆندا گوێمان لە دەنگیان نابێت و قسانمان لەگەڵ بکەن))(١٥)،گۆران ئەو حاڵەتەی لە دەقی(لە سەرەمەرگی هیوادا) بەرجەستە کردووەو گوتوویەتی:

هەی هاوار،هەی داد هیوای شیرینم
گیان ئەدەی،ئەمریی،ئیتر ناتبینم !
ئیتر... ئاخ ئیتر... ناتبینم هەرگیز،
لە خەوا نەبێ، شەو شەوی پاییز
جارجار وەک بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو
دێیت و ناشکێنی تاسە و ئارەزوو!(١٦)

گۆران،دەزانێت کە مردن کۆتاییەکی حەتمیی چاوەڕوانکراوی هەموو کەسێکە،کەچی لە

ڕوویەکی نائومێدییەوە بەرەنگاریی دەکات،لەو ڕوانگەیەوە پرۆسەی مردن بە ملکەچ بوون بە یاسای سروشت دەزانێت،ئینجا بە گومانەوە پرسیار لە بەرپرسی مردن دەکات ودەڵێت:

لە کردارت ئەگەر مەسئوول سەمایە،

تەبیعەت،هەرچی... حەتتا زاتی خوایە

بەڵێ: هەرچی و هەچ کەس بێ سەبەبکار،

پرۆتستۆی ئەوم مەتلووبە ئێجگار:(١٧)

بەپێی بۆچوونی دەروونناسان،مردن سزادانی مرۆڤە و لە هەمان کاتیشدا((ژیانی مرۆڤ بەردەوام لەبەردەمی دوو هەڕەشەی ترسناکدایە:مەرگ و فەرامۆشی.مرۆڤ بەردەوام نیگەرانی مەرگی خۆیەتی.نیگەرانی ئەو ڕووداوە یان ئەو ساتەوەختەیە کە خۆی لە خۆی بزرو ون بکات))(١٨).

گۆران ئەوە بەرجەستە دەکات((کە ژیان لە هێڵە گشتییەکانیدا،بۆ هەموو زیندەوەران بە گشتی و بۆ مرۆڤ بە تایبەتی لە سیانەی "لە دایک بوون،دەردەسەری،مردن"پێک دێت ،کە هەر ئەوەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەرچاوەی بێ ئومێدی و عەبەس بووە،کەواتە باشتر وا بوو هەر خەلق نەکرابایە.مرۆڤ لەبەرامبەر بڕیاردانی چۆنییەتی ژیان و بەڕێکردنیدا بێ توانا و ناکردەیە و هیچی پێ ناکرێت ))(١٩).

گۆران هەرچەندە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە،بڕوای بە ئایدیای شتە نادیارەکان نەبوو، بەڵکو مەتریالیانە بیری لە مەسەلەی بوون و ئایندەی مرۆڤ دەکردەوە،بەڵام لە هەندێک حاڵەتی وەکو مردنی(هیوا) و(گوڵاڵە) دا فکرێکی ئایدیالییانەی سەبارەت بە مردنی هەردووکیان بەرجەستە کردووە .

## ئەنجام

لەنووسینەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا،ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان لەلا گەڵاڵە بوو:

(١) لە پێناوی سەقامگیرکردنی بیرو شیاریدا،هەردەم مرۆڤایەتی لە کێشەیەکی هەمیشەییدایە،لەو ڕوانگەیەوە گۆران هەمیشە لە بۆتەی نیگەرانی وپەرۆشیدا دەژیا لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان.

(٢) بیری شاعیران هەردەم لەگەڵ نهێنییەکاندا یەکانگیر دەبووەوە تەکتیک ونەخشەی ڕامان وهزری ڕۆژانەی،لە میانەی شیعرەکانیانەوە بە واقعێکی نامیتەکراو بە تورەیی و ژانەوە پیادە دەکەن،ناکرێت شاعیریش خۆی لە ڕەهەندەکانی ژیان بە (بوون ومردن ) وە بەرکەنار بگرێت، ئەگینا هیچ پەیامێکی بە بایەخی نییە کە بە خوێنەری بگەیەنێت .

(٣) شاعیران له هەر سەردەم وكاتێكدا بن،لەرووی بەرهەمەوە له یەكدی جیاوازن،هەر ئەو جیاوازییەشە كە دوو ڕەهەندی فیكریی (پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ )دەستنیشان دەكات بەلآم سەبارەت بە فەلسەفەی مەرگ و ژیان بیروبۆچوونەكانیان یەكدەگرێتەوە.

(٤) بابەتی نیگەرانی و ترس له مردن،یەكێكە لەو بابەتە سەرەكییانەی كە لە زۆربەی دەقە شیعرییە نوێیەكاندا بەرجەستە بووە،بەتایبەتی لەلای(گۆران)،پاش مردنی(هیوا) و(گولآڵە)ی جگەرگۆشەی،هۆیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆشمەندیی گۆران و نامێتەكردنی فیكری لەگەڵ زانستە ئەزموونگەرییەكان و بابەتە نوێیەكانی شیعردا .

(٥) هەرچەندە ئەو بابەتە له دەقە كلاسیكییەكاندا بەرچاو دەكەوێت،بەلآم بەو شێوەیە نەبووە كە لەگەڵ فەلسەفەی شیعرو پرسیاركردن لە نهێنییەكانی ڕووداوە میتافیزیكییەكاندا بگونجێت،بەلآم له شیعری نوێی كوردیدا ئەو دیاردەیە زیاتر دەردەكەوێت،بە تایبەتی لەلای گۆران فەلسەفەی ژیان و مردن پانتاییەكی فراوانی لە شیعرەكانیدا گرتووە .

## پەراوێزەكان :


(١)چوارینەكانی خەییام،و:هەژار،چاپی دووەم،چاپخانەی سروش،تهران،١٩٩١،ل٤.

(٢)ئەرخەوان محەمەد عوبەید،ڕەمز ونووسینی سەرگۆڕەكان،چاپی یەكەم،چاپخانەی خانی،دهۆك،٢٠٠٨،ل٥.

(٣)نیقولای بزدیانف،العزله و المجتمع،ت:عبدالوهاب تیسیر،دارالمعرفه،لبنان،١٩٨٧، ص ١٠٣.

(٤)اریك فروم،الانسان بین الجوهر والمظهر،سلسله عالم المعرفه(ت٤٣)،الكویت، ١٩٨٦،ص ١٣٥.

(٥)جاك شورون ،الموت فی الفكر الغربی ،ت:كامل یوسف حسین ، سلسله عالم المعرفه ،الكویت،ابریل ١٩٨٤،ص ١٨٧.

(٦) نیقولای بزدیانف ، العزله والمجتمع ،ص١٣٢ .

(٧) د.احمد محمد عبدالخالق، قلق الموت ،سلسله عالم المعرفه ،الكویت ،مارس ١٩٨٧،ص١٧ .

(٨)گۆران(دیوان)،بلآوكراوەی پانیز،چاپی یەكەم،چاپخانەی دالاهو،تهران،١٣٨٤،ل٩٧ .

(٩)سەرچاوەی پێشوو،ل٩٩.

(١٠)سەرچاوەی پێشوو،ل٩٩.

(١١)گۆران(دیوان)،ل٩٨.

(١٢)مەحوی (دیوان)،لێكدانەوە و لێكۆڵینەوەی مەلا عبدالكریمی مدرس و محمدی مەلا كریم،چاپی دووەم،چاپخانەی حسام،بغداد،١٩٨٤،ل١٨٠.

(١٣)گۆران(دیوان)،ل٩٧ .

(١٤)عبدالرحمن بدوى،الموت والعبقريه،الكبعهالاولى،دارالعلم للملايين،بيروت،لبنان،١٩٨٦،ص٣٩٢.
(١٥)ڕێبوار سیوەیلی،دنیای شتە بچووکەکان،چاپی دووەم،چاپخانەی ڕەنج،سلیمانی،٢٠٠٥،ل٣٥-٣٦.
(١٦)گۆران(دیوان)،ل٩٧ .
(١٧)گۆران(دیوان)،ل٩٩.
(١٨)عەتای نەهایی،ڕەخنەی چاودێر،ژمارە(١٨٤)،دووشەممە ٢٠٠٩/١٠/٥،ل٤.
(١٩)عەتا قەرەداخی،گۆران وگەڕان بە دوای یەقیندا،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ،سلیمانی، ١٩٩٩،ل١٥٤-١٥٥ .

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**

(١)ئەرخەوان محەمەد عوبەید،ڕەمزو نووسینی سەرگۆڕەکان،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی، دهۆک،٢٠٠٨.
(٢)چوارینەکانی خەییام،و:هەژار،چاپی دووەم،چاپخانەی سروش،تهران،١٩٩١.
(٣)ڕێبوارسیوەیلی،دنیای شتە بچووکەکان،چاپی دووەم،چاپخانەی ڕەنج،سلیمانی،٢٠٠٥.
(٤) گۆران(دیوان )،بلاوکراوەی پانیز،چاپی یەکەم،چاپخانەی دالاهۆ،تهران،١٣٨٦.
(٥)مەحوی(دیوان)،لێکدانەوەولێکۆڵینەوەی:مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم،چاپی دووەم،چاپخانەی حسام،بەغداد،١٩٨٤.
(٦)عەتا قەرەداخی،گۆران وگەڕان بەدوای یەقیندا،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،سلیمانی، ١٩٩٩ .
(٧)عەتای نەهایی،ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (١٨٤)، دووشەممە ٢٠٠٩/١٠/٥ .

**بە زمانی عەرەبی:**

(١)احمد محمد عبدالخالق (د)،قلق الموت،سلسله عالم المعرفه،الكويت ،مارس ١٩٨٧.
(٢)اريک فروم ،الانسان بين الجوهر والمظهر،سلسله عالم المعرفه (ت٤٣)،الكويت،١٩٨٦.
(٣)جاک شورون،الموت فى الفكر الغربى،ت:كامل يوسف حسين،سلسله عالم المعرفه،الكويت، ابريل،١٩٨٤.
(٤)عبدالرحمن بدوى،الموت والعبقريه،الكبعهالاولى،دارالعلم للملايين،بيروت،لبنان،١٩٨٦.
(٥)نيقولاى بزديانف ،العزله و المجتمع ،ت:عبدالوهاب تيسير،دارالمعرفه،لبنان،١٩٨٧.

**الملخص**

تعدالمواجيع الفلسفيه من الدراسات الفكريه الحديپه،التى جسدها الشعراو المحدپون فى السنوات الاخيره من مراحل حركات التجديد فى الشعر. وقد جسد الشعر الحديپ المچامين ژات العلاقه بفلسفه الحياه،ومايدور فى فكر الشعراو من مێسى الحياه ونكباتها.ومما يۆدى الى الخوف والقلق

من متغيرات الحياتيه و الوصول الى مرحله يتوجس الانسان من النتيجه الحتميه.الا وهى الموت وما قد يحدث بعده من تحولات بايولوجيه .

ومن الناحيه الادبيه،نرى بان معظم الشعراو الرومانسيين قد جسدوا المضامين الفلسفيه فى قصائدهم،وذلك محاوله منهم للوصول الى كنه الحياه وسر الموت الذى يرونه،اما بدايه لنهايه مأساويه اوخلود الروح مع اولئك الذين سبقوهم الى عالم الميتافيزيقيا .

أمامايخص الادب الكوردى.فقدظهرت فى نهايات القرن الماضى دعوات جديه من بعض رواد الشعر الكوردى الحديث،مطالبين بتحديث الشعر الكوردى من جميع جوانبه الفنيه والفكريه،وكان من أولويات تلك المحاولات،تجسيد الاساليب الفنيه وتضمين المفاهيم الفلسفيه المركبه بنتائج العلوم التجريبيه، ويعد( گۆران )رائدا من رواد حركه التجديد فى الشعر الكوردى،وقد ضمن فى عدد من قصائده فكره الوجود والقلق من الموت .وكان لموت كفليه(هيوا) و(گولاله) الاثر الكبير فى تحوله من شاعر الى مفكر يرى فى موت فلذات كبده نهايه وفاجعه أليمه من حيث المفاهيم والمعطيات الانسانيه والعاطفه الابويه .وهذا ما يدور حوله البحث .


## Abstract

Philosophical topics are of the modern intellectual studies that modern poets have been interested in for the recent years of their innovatory movements in poetry. Modern poetry has portrayed such themes that are related to the philosophy of life as well as the everyday life tragedies that may interest poets; such themes that might raise fears and concerns about ebbs and tides of life and that might drive one to feel concerned about the inevitable conclusion -of one's existence- which is namely “death” and its likely biological consequences.

Literally, it is found that most of the romantic poets have embodied philosophical themes in their poems in an attempt to probe the core of life and the secret of death which is either a start towards a tragic end or the for-ever stay of soul with those that have left earlier to the metaphysic world.

Speaking about Kurdish literature, with the conclusion of the last century, a number of the Kurdish pioneer poets seriously called for modernizing Kurdish poetry in terms of both technical and intellectual aspects. Involving artistic styles and philosophical concepts combined with the findings of experimental sciences was of the priorities of those poets’ first attempts. *Goran* is an example of those pioneers. In a number of his poems, he embodied the idea of existence and one’s concerns about death. The death of his son, *Hewa*, and his daughter, *Golala*, had a great influence on him ; converting him from a poet into an intellectual who sees the death of his beloved children a painful catastrophe in terms of human concepts and parental emotions, and this is what the present study attempts to cover.